## ٣ _ باب

## من حقق التوحيد دخل الجنة بغير حساب

**وقول الله تعالى: (إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ) النحل ١٢٠. وقال: (وَالَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمْ لَا يُشْرِكُونَ) المؤنون ٥٩.**

عن حصين بن عبد الرحمن قال: كنت عند سعيد بن جبير فقال: أيكم رأى الكوكب الذي انقض البارحة؟ فقلت: أنا، ثم قلت: أما إني لم أكن في صلاة، ولكني لُدِغت، قال: فما صنعت؟ قلت: ارتقيت قال: فما حملك على ذلك؟ قلت: حديث حدثناه الشعبي، قال وما حدثكم؟ قلت: حدثنا عن بريدة بن الحصيب أنه قال: لا رقية إلا من عين أو حمة. قال: قد أحسن من انتهى إلى ما سمع. ولكن حدثنا ابن عباس عن النبي صلى الله عليه وسلم أنه قال: (عرضت علي الأمم، فرأيت النبي ومعه الرهط، والنبي ومعه الرجل والرجلان، والنبي وليس معه أحد، إذ رفع لي سواد عظيم، فظننت أنهم أمتي، فقيل لي: هذا موسى وقومه، فنظرت فإذا سواد عظيم، فقيل لي: هذه أمتك ومعهم سبعون ألفاً يدخلون الجنة بغير حساب ولا عذاب، ثم نهض فدخل منزله. فخاض الناس في أولئك، فقال بعضهم: فلعلهم الذين صحبوا رسول الله صلى الله عليه وسلم. وقال بعضهم: فلعلهم الذين ولدوا في الإسلام فلم يشركوا بالله شيئاً، وذكروا أشياء، فخرج عليهم رسول الله صلى الله عليه فأخبروه، فقال: (هم الذين لا يسترقون ولا يكتوون ولا يتطيرون وعلى ربهم يتوكلون) فقام عكاشة بن محصن فقال: ادع الله أن يجعلني منهم. قال: (أنت منهم) ثم قام رجل آخر فقال: ادع الله أن يجعلني منهم. فقال: (سبقك بها عكاشة).

**********

[ من حقق التوحيد دخل الجنة بغير حساب ] واته : باسی ئەوەی کەسێك یەك خواپەرستی بێنێتە دی بە تەواوی ئەوە ئەچێتە بەهەشت بێ لێپرسینەوە ( واتە بێ ئەوەی سزا بدرێ ) . چونکە ئەو کەسەی بە تەواوی یەك خوا پەرستی جێ بەجێ بکات ئەوە هیچ تاوانێکی نامێنێ لە بەر ئەوەی خۆشەویستی خوا لە دڵی و ناسینی خوا بە تەواوی وای لێ ئەکات کە بەردەوام تەوبە بکات و بگەڕێتەوە لای خوا ئەگەر تەوبەش نەکات ئەوە یەك خوا پەرستی چاکەیەکی ئەوەندە گەورەیە ئەگەر بە تەواوی جێ بەجێت کرد تاوان لەگەڵی نامێنێ . دیارە ئەوە بۆ کەسێك کە هیچ هاوبەش بۆ خوا بڕیار نەداو خوا پەرستیەکەی تێکەڵ بە خڵت و خاری هاوبەش و بیدعە نەبوبێ والله اعلم ، ئەو باسەش تەواو کەری باسی پێشترە کە باسی فەزل و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گەورەیی یەك خوا پەرستی و پاداشتەكەی بوو . [وقول الله تعالى: (إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ)] واتە : ( وە فەرمودەی خوای بەرز : ئیبراهیم ئومەتێك بوو بەردەوام بوو لە گوێ ڕایەڵی خوا ملكەچ بوو بۆی و تەنها ڕوو لە خوا بوو وە لە هاوبەش دانەران نەبوو ) . ئیبراهیم باوكی پێغەمبەرانەو خەلیلی خوایە عليه الصلاة والسلام بە تەنیا ئومەتێك بوو وە پێشەوای یەك خوا پەرستان بووە خوای گەورە بەم سیفەتانەی مەدحی ئەكات كە ( قانتا ) وە (حنيفا ) وە (ولم يك من المشركين) بووە شێخی ئیسلام ابن تيمية ئەفەرموێ (القنوت) : بەردەوامی خواپەرستی و گوێ ڕایەڵیە ئەگەر نوێژكەر سەجدەو ڕكوع و ڕاوەستانی درێژ بكات ئەوە پێی دەڵێن (قانت) . وە (حنيفا ) ابن القيم ڕەحمەتی خوای لێ بێ ئەفەرموێ : (حنيف) : ئەوەی ڕوو لەخوا دەكاو پشت لە هەموو كەسێك ئەكات بێجگە لەو . وە (لم يك من المشركين) واتە لە هاوبەش دانەران نەبوو بەڵكو وازی لێ هێنان و بەری بوو لێیان و لەبەر ڕەزامەندی خوا باوك و قەومەكەی خۆی جێ هێشت ئەوەش نیشانەی یەكلا بونەوەی بوو بۆ خوا و نیشانەی ڕاست گۆیی و ئیخلاسی دڵی بوو . دیارە هەر كەسێك ئەم سیفەتانەی تێدا بێ ئەوە نیشانەی ئەوەیە كە بە تەواوی یەك خوا پەرستی ( توحيد ) ی جێ بەجێ كردوە . لە بەر ئەوەش شێخی ئیسلام ئەم ئایەتەی لەو باسە هێناوەتەوە تا وەكو دەری بخا كە ئەمە مانای جێ بەجێ كردنی یەك خوا پەرستیە والله اعلم . [وقال: (وَالَّذِينَ هُمْ بِرَبِّهِمْ لَا يُشْرِكُونَ)] واتە : ( وە خوای بەرز ئەفەرموێت : وە ئەوانەی هاوبەش بۆ پەروەردگاریان دانانێن ) . ئەوانە لە ڕیزی ئەو بڕوادارانەن كە پێش ئەكەون بۆ بەهەشت ئەوە گەورەترین سیفەتی ئەهلی بەهەشتە . ئەوەی هیچ هاوبەش بۆ خوا بڕیار نەدا بەو ئەوتری بڕوادار و یەك خوا پەرست . دیارە شێخی ئیسلام بۆیە ئەو ئایەتەی لەو باسە هێناوەتەوە تاوەك و دەری بخا مانای جێ بەجێ كردنی یەك خوا پەرستی دووركەوتنەوەیە لە هاوبەش دانان بۆ خوا بە هەموو جۆرەكانی گەورەو بچوكی و دیارو نادیاری والله اعلم .

[عن حصين بن عبد الرحمن قال: كنت عند سعيد بن جبير فقال: أيكم رأى الكوكب الذي انقض البارحة؟ فقلت: أنا، ثم قلت: أما إني لم أكن في صلاة، ولكني لُدِغت، قال: فما صنعت؟ قلت: ارتقيت قال: فما حملك على ذلك؟ قلت: حديث حدثناه الشعبي، قال وما حدثكم؟ قلت: حدثنا عن بريدة بن الحصيب أنه قال: لا رقية إلا من عين أو حمة. قال: قد أحسن من انتهى إلى ما سمع. ولكن حدثنا ابن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

عباس عن النبي صلى الله عليه وسلم أنه قال: (عرضت علي الأمم، فرأيت النبي ومعه الرهط، والنبي ومعه الرجل والرجلان، والنبي وليس معه أحد، إذ رفع لي سواد عظيم، فظننت أنهم أمتي، فقيل لي: هذا موسى وقومه، فنظرت فإذا سواد عظيم، فقيل لي: هذه أمتك ومعهم سبعون ألفاً يدخلون الجنة بغير حساب ولا عذاب، ثم نهض فدخل منزله. فخاض الناس في أولئك، فقال بعضهم: فلعلهم الذين صحبوا رسول الله صلى الله عليه وسلم. وقال بعضهم: فلعلهم الذين ولدوا في الإسلام فلم يشركوا بالله شيئاً، وذكروا أشياء، فخرج عليهم رسول الله صلى الله عليه فأخبروه، فقال: (هم الذين لا يسترقون ولا يكتوون ولا يتطيرون وعلى ربهم يتوكلون) فقام عكاشة بن محصن فقال: ادع الله أن يجعلني منهم. قال: (أنت منهم) ثم قام رجل آخر فقال: ادع الله أن يجعلني منهم. فقال: (سبقك بها عكاشة) ] واته :

( لە _حصين بن عبدالرحمن_ ئەڵێت لای _سعيد بن جبير_ بووم وتی : كێ لە ئێوە ئەو ئەستێرەی بینی كە دوێنێ شەو كەوت ؟ وتم من . پاشان وتم بەڵام من لە شەو نوێژا نەبووم . من دوووپشك پێی وەدام و ژەهراوی كردم . وتی : چیت كرد ؟ وتم : داوام كرد لە كەسێك بەسەرم دا بخوێنێ _دوعام بەسەرا بخوێنێ_ وتی : چی وای لێ كردی ئەم كارە بكەی داوا بكەی لە كەسێك بە سەرت دا دوعا بخوێنێ ؟ وتم : فەرموودەیەكە شەعبی بۆی گێڕاوینەوە وتی : چی بۆ گێڕاونەتەوە ؟ وتم : بۆی گێڕاوینەتەوە لە _ بريدة بن الحصيب _ كە وتویەتی : دوعا بەسەر خوێندنەوە نیە ئیللا لە چاو لێدان و ژەهراوی بوون بە _پێوەدانی مارو دوپشك_ وتی : ئەوەی كاری بەوە كردوە كە پێی گەیشتوە لە زانست شتێكی باشی كردوە . بەڵام _ ابن عباس _ بۆی گێڕاوینەتەوە لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وعلى اله وسلم كە فەرمویەتی : ئومەتەكانم نیشان درا _لەخەو والله اعلم_ پێغەمبەری وام بینی ٣_٩ كەسی لەگەڵ دابوو ، وە پێغەمبەری وام بینی یەك یان دوو پیاوی لە گەڵ دابوو . وە پێغەمبەری وام بینی كە تەنیا بوو كەسی لە گەڵ دا نەبوو . لە ناكاو تارماییەكی ڕەشی گەورە بەرز كرانەوە بۆم بینیم _واتە خەڵكێكی زۆر_ . وام زانی ئەوان ئومەتی منن . پێ یان وتم : ئەوە موسایە لە گەڵ قەومەكەی ._لە ڕیوایەتێكی موسلیم وتیان سەیری سەرەوە بكە بەڵام شێخ لێرە نەیهێناوە_ جا سەیرم كرد ئەبینم تارماییەكی ڕەشی گەورەیە _ خەڵكێكی زۆر_ ، پێ یان وتم : ئەوە ئومەتەكەی تۆن وە حەفتا هەزار كەسیان لە گەڵدایە ئەچنە ناو بەهەشتەوە بە بێ لێ پرسینەوەو سزا دان . پاشان پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم هەڵسا ڕۆیشتەوە ناو ماڵی خۆی . ئینجا خەڵكەكە كەوتنە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

باسـی ئەمانـە _ کـە بـێ لـێ پرسـینەوەو سـزا دان ئەچـنە بەهەشـتەوە _ هەندێکیان وتیان : لە وانەیە ئەو کەسانە بن کە هاوەڵ و هاوڕێی پێغەمبەری خـوا بـوون صلى الله عليه وعلى اله وسلم _ واتـە ئەوانـەی زوو بڕوایان پێ هێناو سـەریان خـسـت _ ، وە هەندێکی تر وتیان : لەوانەیە ئەو کەسانە بن کە لە سـەر ئیسلام لە دایك بوونە ، هیچ هاوبەشیان بۆ خوا بڕیار نەداوە ، وە چەند شتێکیان ئاوا باس کرد ، پاشان پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەرچـوو بـۆ لایـان هەواڵـیان پێدا _دەربارەی ئەم مشت و مڕەی بویانە لە سەر ئەمانەی بێ لێپرسینەوە و بێ سزادان ئەچنە بەهەشت_ ، فەرموی : ئەوانەن کە داوای دوعا بەسەر خوێندنەوە لە کەس ناکەن ، وە داوا لە کەس ناکەن بە ئاگـر داغـیان بکـا _ بۆ عیلاج لە نەخۆشـی _ ، وە شـتێك بە شـوم نازانن _ لە باڵـندەو هـەر شـتـێکی تـر _ ، وە تـەنها ئیعتیمادی دڵ _توکل_ یان لە سەر پەروەردگاریانـە . ئینـجا _ عکاشـة بـن المحصن _ هەڵـسایەوە وتی : _ ئەی پـێغەمبەری خـوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم _ لە خوا داوا بکە من یەکێك بم لـە وان . فەرمـوی : تۆ لەوانی ، پاشـان کەسێکی تر هەڵسایەوە وتی لە خوا داوا بکە کە منیش لەوان بم . فەرموی : عکاشـە پێشـت کەوت ) . متفق عليه

لەو فەرمودەیە چەندین دەرس و عیبرەت هەیە لە وانە بۆ مان دەر ئەکەوێ کە سـەلەف چەند دوور بوون لە خۆ درخستن و ڕیا کردن وە سەلەف کارێکیان نە ئەکرد بێ ئەوەی بەڵگەیان هەبێ لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەوە صلى الله علـيه وعلى اله وسلم ئا بەوە پێش ئێمە کەوتون کە بێ بەڵگەو زانست هیچ شتێکیان نە ئەکرد ئەوەش بووە هۆی سەرکەوتنیان لە دونیاو پێش کەوتنیان لـە قـیامەت ، دە با ئەگەر ئێمەش ئەمانەوێ لە دونیاو دوا ڕۆژ سـەر فراز بین با شـوێـنـي زانایـانی سـەلەف بکـەوین وەك ئـەوان تـەنها کارێك بکەین کە لە دینـەکەمان بەڵگـەی لە سەرە و وازبێنین لە هەرشتێك کە بەڵگەی ڕاستی لەسـەر نـیە و موخالیفـی دینەکەمانە ، وە لەو فەرمودە بۆ مان دەر ئەکەوێ کـە مـەرج نـیە هەمـوو ئەو کەسانەی بانگەواز ئەکەن بانگەوازەکەیان لای خـەڵك وەر بگـیرێ ئـەوە پـێغەمبەران علـيهم الـصلاة والسلام کە پێشەوای بانگـەواز کـارانن بـۆ لای خـوا خەڵکـێکی زۆر کـەم شـوێـنیان کەوتـون و بانگەوازەکەیانـیان وەرگـرتووە پێغەمبەری وا هەبوە کە هیچ کەسێك بڕوای پـێ نەهێناوە لە ڕۆژی دوایی تەنیایە ، با ئێمەش دڵ گران نەبین بەوەی زۆر بەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خـەڵك دژایەتـیمان بکات و واش نەزانین سـەرکـەوتن بەوەیە زۆری خەڵکت لە گـەڵ بـێت ، بـا لـە بـەر خاتـری ئـەوەی زۆر دەنـگ و زۆر خـەڵك كۆ بكـەینەوە دینەكـەمان نە شـێوێنین و گـۆڕان كاری تێدا بكـەین و بە ئارەزوی خەڵك كـەمی بكـەین و زیادی بكـەین وەك ئەوانەی بە ناوی ئیسلام سیاسـەت بازی ئەكـەن و شـەڕ لەسـەر دەنـگ و كورسـی ئەكـەن ، دیـارە ئـێمە ناڵـێین سیاسـەت لە ئیسلام نـیە بـەلام سیاسـەتی شـەیتانمان قـبوڵ نـیە كـە چـاو كردنەوە لە كافـرەكانە لـە لـێك تـرازان و حزب حزبێنەو تەفرەقە و شـەڕ لە سـەر دەنگ و كورسـی و دژایـەتی یەكـتـر لـە نـاو موسـڵمانان ، وە لەو فەر مودە فەزلی ئەو ئـوممەتە دەر ئەكـەوێ لە سـەر ئوممـەتانی تر بەوەی خوای گـەورە حەفتا هـەزاریان ئەخاتـە بەهـەشـت بـێ لـێ پرسـینەوەو سـزا دان ، وە لە فەرمودەیەكـی تری پـێغەمبەرصلی الله علیه وعلى اله وسلم هاتوە : (فاستزدت ربي فزادني مع كل الـف سبعين الفا ) صححه الالباني في الصحیحة ١٤٨٤ واتە ( داوام لە خوا كرد بۆمـی زیـاد بكـا ، لـە گـەڵ هـەر هەزارێـك حەفتا هـەزاری بۆ زیاد كرم ) ئەوە ڕەحمـەتی خـوایە بـۆ ئـەم ئـوممەتە دەبـا ئێمە هەوڵ بدەین ئەو سیفەتانە لە خـۆمان بـێنینە دی كـە تـەنها دڵمـان پەیوەسـت بـێ بە خوا لە غەیری خوا ئیعتـیمادی دڵ _تـوكل_ لـە سـەر كـەسێك نەكـەین ، وە با تەنها داوا لە خوا بكـەین خـۆ مـان زەلیلـی كـەس نەكـەین بەوەی داوای لێ بكـەین دوعامان بە سـەر دا بخوێـنێ ، وە بـا داوا لـە كـەسـێك نەكـەین بـە ئاگر داغمان بكات بۆ شـیفا لـە نەخۆشـی ، وە بـا شـتـێك بە شـوم نەزانین بمان گێڕێتەوە لە كاری چـاك _ وەك ئەوانـەی مانگـێك لـە مانگـەكانی ساڵ یان ڕۆژێك لە ڕۆژەكانی هەفـتە ، یان باڵـندەیەك بە شـوم ئەزانن ، یان ئەگـەر جارێك بپژمن ئەڵێن ئەوە خـراپەو ئەترسـن ئـەم باسـە لە دوایی دێتە پێشـمان ان شاء الله _ دیارە ئەوەی ئەم سیفـەتانەی تێدا بوو ئەوە بە تەواوی یەك خوا پەرستـی _ توحید _ ی جێ بـە جـێ كـردووە و ئـە چـێتە بـە هـەشـتـەوە بێ سزاو لێ پرسینەوە ، لە بەر ئەوەش شـێخـی ئیسلام ئەم فەرمودەی لەم باسـە هێناوەتەوە .

تێبینیەك : دیارە دوعا بەسـەردا خوێندنەوە حەرام نیە ئەگـەر دوعاكە هاوبەش دانـانی بـۆ خـوا تـێدا نەبێ تەنها پاڕانەوە لە خوا بێت بەلام باشـترە كە تۆ لە كـەسـی داوا نەكـەی بەلام خۆت بۆ خـۆتی بكـەی یان كـەسێك خۆی بۆت بكا بێ ئـەوەی داوای لێ بكـەی _ هـەروەها داغ كـردنیش بۆ شـیفا _ ئەوە لەو كـەسانە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەرت ناخا كـه مـەدح كـراون لـەو فـەرمـوده ، وه ئـەم بـاسـه بـه درێژی دێـتـه پـێـشـمـان ان شـــاء الله لــه شـوێـنـي خــۆی حـەقـی خـۆی ئـەدەیـنێ و ڕونی ئـەكـەیـنـەوه زیـاتـرو جـوانـتـر .

فيه مسائل: واتـه : ئـەو بـاسـه چـەنـد مـەسـەلـەیـەكـی تـێـدا.
الأولى: معرفة مراتب الناس في التوحيد. واتـه : ( نـاسـیـنـي پـلـەو پـایـەی خـەڵـك لـه یـەك خـوا پـەرسـتـی و بـەیـەك كـردنی خـوا _تـوحـیـد_) . یـانی هـەمـوو كـەس بـڕوای بـه خـــواو بـەهـــێـزی ئـــیـمـانـەكـەی وەك یــەك نــیـه هـەیـه زیـاتـره وه هـەیـه كـەمـتـره ، وه هـەیـانــه ئـەوەنــده بـڕوایـــان بــه خـــوا بـەهـــێـزه بــێ لــێـپـرسـیـنـەوه و ســزا ئـەچــنـه بـەهـەشـت وەك لـه فـەرمـودەكـه بـۆمـان دەركـەوت .
الثـــانـية: مــــا معنـــى تحقيقه. واتـه : ( زانـیـمـان مـانـای جـێ بـەجـێ كـردنی یـەك خـوا پـەرســتـی بــه حــەق مـانــای چـیــه ) بــۆمـان ڕوون بــۆوه كــه مـانـای واز هـێـنـانـه لـه هـاوبـەش دانـان بـه هـەمـوو جـۆرەكـانی .
الثــالـــثة: ثــناؤه سبحانه على إبراهيم بكونه لم يكن من المشركين. واتــه : ( خـوای گـــەوره مـەحـــی ئـیـــبـراهـیـم ئــەكـات بــەوەی لـه هـاوبـەش دانـەران نـەبـوه ) ئـەوەش بـەڵـگـەیـه كـه هـەمـوو ئـەو كـەسـانـەی دوور ئـەكـەونـەوه لـه هـاوبـەش دانـان بـۆ خـوا وه ك ئـیــبـراهـیـم علـــیه الصلاة و السلام ئـەوه خـوای گـەوره مـەدحـی ئـەكـاو ڕاسـت گـــۆیـه لــه بـڕوا هـێـنـانـەكـەی . بـەڵام كـەسـێـك بـڵێ لا اله الا الله بـه زمـان لـه گـەڵ ئــەوەش داوا لــه غـەیـری خـوا بـكـاو كـەسـێـك بـێـنـێـتـه ڕیـزی خـوا لـه خـۆشـەویـسـتـی یــان وەك خـوا لـێـی بـتـرسـێ یـان قـسـەكـانی پـێ لـه فـەرمـودەی خـوا لـه پـێـش تر بـێ ، یــان ئـەوانــەی خـــۆش بــوێ كـه دوژمـنـي خـوان و هـاوبـەش بـۆ خـوا دا ئـەنـێـن ، ئـەوه نـیـشـانـەی درۆ كـردنـێـتـی لـه وتـنـي لا اله الا الله .
الـــرابعة: ثناؤه على سادات الأولياء بسلامتهم من الشرك. واتـه : ( مـەدحـی خـوای گـەوره بـۆ پـیـاو چـاكـه گـەورەكـان ئـەوانـەی خـۆشـەویـسـتـن لای خـوا بـەوەی كـه هـاو بـەشـیـان بـۆ خـوا بـڕیـار نـەداوه )
الخامـــسة: كــون ترك الرقية والكي من تحقيق التوحيد. واتــه : ( ئـەوەیـه كـه واز هــێـنـان لـه داوا كـردن لـه خـەڵـك دوعـات بـەسـەر دا بخـوێـنـنـەوه یـان داغـت بـكـەن بـه ئـاگـر بـۆ شـیـفـا ئـەوه لـه گـەیـانـدن و جـێ بـەجـێ كـردنی یـەك خـوا پـەرسـتـیـه )



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

السادسة: كون الجامع لتلك الخصال هو التوكل. واته : ( ئەوەیە کە _توکل_ پشت بەستن بە خواو ئیعتیماد کردنە سەر خوا بە دڵ هەمووئەو سیفەتانەی تیدا کۆ ئەبیتەوە ) چونکە کەسیك بەڕاستی خوا بناسیّ و بەڕاستی پشتی تەنها بەو ببەستیّ ئەوە دڵی لای کەسی تر نابیّ و خۆی بۆ کەس زەلیل ناکا و داوا تەنها لە خوا ئەکات و الله اعلم .

السابعة: عمق علم الصحابة لمعرفتهم أنهم لم ينالوا ذلك إلا بعمل. واته : ( حەوتەم : قوڵی زانستی هاوەڵەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم چونکە ئەیانزانی ئەوانە _کەبیّ لێپرسینەوەو سزا ئەچنە بەهەشت_ نەگەیشتون بەو پلەیە ئیللا بە کار کردنیان بۆ خوا ) لە بەر ئەوە هاوەڵەکان ڕەزای خوایان لیّ بیّ کە لە بەیني خۆیان باسی ئەمانەیان کرد کێن زانیان بە شتێك گەیشتونە بەو پلەیە کە بۆ خوا ئەنجامیان داوە لە بەر ئەوە چەند شتێکیان باس کرد ، چونکە دیارە ئەیان زانی نزیك بونەوە لای خوا تەنها بە چاکە کردنە نەك بە هیچ شتێکی تر .

الثامنة: حرصهم على الخير . واته : ( هەشتەم : سور بونیان لە سەر خێر و چاکە ) چونکە لەو مەسەلەیان کۆڵیەوە تا بزانن چ کردەوەك ئەتگەیەنیّ بەو پلەیە بەڵکو ئەوانیش کاری پیّ بکەن ئەوە نیشانەی خێرە بۆ کەسێك بە دوای ئەوە بگەڕیّ کە سودی پیّ ئەگەینیّ و لە خوا نزیکی ئەکاتەوە ، وە زانستێکیش فێر بیّ بە کردەوە جیّ بەجیّی بکات .

التاسعة: فضيلة هذه الأمة بالكمية والكيفية. واته : ( نۆیەم : فەزلی ئەو ئومەتە بە ژمارەو بە چۆنیەتی سیفاتیشیان ) چونکە لە هەموو ئومەتەکان زیاترن لە دوا ڕۆژ ، وە حەفتا هەزار کەسیان ئەچێتە بەهەشت بیّ لیّ پرسینەوەو سزادان لەبەر ئەو سیفاتە گەورانەی هەیەتیان .

العاشرة: فضيلة أصحاب موسى. واته : ( دەیەم : فەزلی هاوەڵەکانی موسی عليه الصلاة والسلام ) چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم کەبینیني خەڵکێکی زۆری لە گەڵ بوو .

الحادية عشرة: عرض الأمم عليه، عليه الصلاة والسلام. واتە : ( یانزەهەم : نیشان دانی ئومەتەکان بۆ پێغەمبەر عليه الصلاة والسلام ) بۆ ئەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم لە گەڵ شوێنکەوتوەکانی دڵ گران نەبن بەوەی کە زۆری خەڵك دژایەتیان ئەکەن و بە درۆیان ئەخەنەوە ئەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پـێغـەمبەری وا هەبـوە کـە هـیچ کـەسـێك شـوێـنـي نەکـەوتوە ! وە بۆ ئەوەی دەرکـەوێ کـە تـەنها زۆری لای خوا گرنگ نیە گرنگ ئەوەیە کە فەرمانی خوا جێ بەجێ بکەی لە فەرمانەکانی دەرنەچی بۆ ئارەزوی خەڵك و شەیتان .
الثانـية عـشرة: أن كـل أمة تحشر وحدها مع نبيها. واتـە : ( دوانزەهەم : هەر ئومەتێك بە تەنیا کۆ ئەکرێنەوە لە گەڵ پێغەمبەرەکەیانا لە ڕۆژی دوایی ) .
الثالـثة عشرة: قلة من استجاب للأنبياء. واتـە : ( سـێانزەهەم : کـەمـی ئەوانەی کـە وەلامـی بانگـەوازی پـێغـەمبەرانیان داوەتـەوە ) بەلام ئەوە لە پلەو پایەی پـێغەمبەران ناهێنـێتە خوارەوە علیهم الصلاة والسلام چونکە ئەوان ئەوەی لە سـەریان بـووە گەیاندویانـە هیدایەتـیش بە دەسـتی ئەوان نەبووە تەنها خوا ئەتـوانێ هیدایەتی خەڵك بدا خوای گەورەش ئەفەرموێ (وما على الرسول الا الـبلاغ المبـين ). بـەلام ئـەوەی گـرنگە بـۆ ئـێمەش کـە شـوێن کـەوتـەی پـێغەمبەرانین علـيهم الـصلاة والسلام ئەو دینە بە ئەمانەتەوە وەك خۆی بە خـەڵك ڕابگـەیەنین . ئەگـەر کـەسـیش لێمانی وەر نەگرێ ئەوە ئێمە ئەوەی لە سـەرمان بـوو کـردومانە لای خـوا تـاوان بـار نـابین بەڵکـو ئـەوەی لێمانی وەر نەگـرتوە لـە ڕۆژی دوایـی بێ بەڵگـە ئەمێنێتەوە لای خوا لە بەر ئەوەی ئاگادار کرایەوەو وەری نەگرت شـوێنی ئارەزو یان شـەیتان کـەوت .
الـرابعة عــشرة: أن مــن لــم يجبه أحد يأتي وحده. واتـە : ( چواردەهەم : ئەو پێغـەمبەرانەی کـەس وەلامـی نەداونەتەوە بە تەنیا دێن لە ڕۆژی دوایی ) .
الخامسة عشرة: ثمرة هذا العلم، وهو عدم الاغتــرار بالكثــرة، وعــدم الزهد في القلة. واتـە : ( پانزەهەم : بەرو بومی ئەو زانستە . ئەویش لە خۆ بایی نەبون و غـرور نەبـونە بـە زۆری . وە دڵ گـران نەبـون و بەکـەم نەزانینی کـەمیە ) واتە ئەگـەر زۆر بـیت ئـەوە بـزانە تەنها زۆری گرنگ نیە . وە ئەگـەر کـەم بون ئەوە بـزانە ئـەوەش گـرنگ نـیە و مـانـای ڕاسـتی و حـەق بون بە زۆری و کـەمـی نیە . چـونکە پـێغـەمبەری وا هـەیە کـەسـی لە گـەڵ نەبووە بەلام لەسـەر حـەقیش بووە حـەق ئەوەیە تۆ دەسـت بە دینی خوا بگـریت با تەنیاش بیت . لەبەر ئەوە خـوای بـەرز ئەفەرموێ : (وان تطع اكثر من في الارض يضلوك عن سبيل الله ) الانعـام ١١٦ واتە : ( ئەگەر گوێ ڕایەڵی زۆری ئەوانە بکەی کە لە سـەر زەوین ئـەوە لە ڕێگای خوا لات ئەدەن و سـەرت لـێ ئەشـێوێنن ) لە بەر ئەوە با لە بەر خاتـری یـان لـە ترسـی زۆری خەڵك واز لە دینەکـەمان نەهێنین . زۆر کـەس کە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئامۆژگاری ئەکەی بەوەی واز بێنی لە تاوان ئەڵێ جا خۆ منیش لەگەڵ خەڵك ، ئەوە نیە زۆری خەڵك ئەو کارە ئەکەن . بەڵێ زۆری خەڵك ئەو کارە ئەکەن ئەوە نابێ بە بەڵگە بۆ تۆ لە خواى خەڵك بترسە بزانە ڕۆژێك دێ هیچ کەسێك لەو خەڵکە فریات ناکەوێ .

السادسة عشرة: الرخصة في الرقية من العين و الحمة. واتە : ( شانزەهەم : بۆمان دەرکەوت کە ڕێگا دراوە بۆ دوعا بەسەر دا خوێندنەوە لە توش بونی چاو لەگەڵ ژەهراوی بوون _بە دوو پشك بێ یان مار_ ) لە باسەکانی داهاتوو لەسەر ئەو باسە شێخی ئیسلام باسێکی تایبەتی هەیە بە درێژی بۆ مان ڕون ئەبێتەوە ان شاء الله چونکە ئەو باسە زۆر گرنگە .

السابعة عشرة: عمق علم السلف لقوله: قد أحسن من انتهى إلى ما سمع، ولكن كذا وكذا. فعلم أن الحديث الأول لا يخالف الثاني. واتە : ( حەڤدەهەم : قوڵی زانستی سەلەف لەبەر ووتەی _ سعيد بن جبير _ : ئەوەی کاری کردوە بەوەی پێی گەیشتوە لە زانست شتێکی باشی کردوە ، بەلام ئاواو ئاوا ، زانی کە فەرمودەی یەکەم موخالەفەی فەرمودەی دووەم ناکا ) . زانایانی سەلەف ڕەزای خوایان لێ بێ لەگەڵ ئەوەی کەمیان ئەنوسی و کەم ئەدوان بەلام زانستیان زیاترە لە زانایانی خەلەف کە زیاتریش ئەنوسن و زیاتریش ئەدوێن ، چونکە زانایانی سەلەف نزیکتر بوون لە سەردەمی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم وە زیاتر لە زانایانی خەلەف کاریان بەو زانستە ئەکرد کە ئەیان زانی ، ئێمەش کە شوێن کەوتەی ئەوانین با ئەوەی ئەیزانین و فێری ئەبین خۆمانی پێ بڕاوێنینەوە بە جێ بەجێ کردنی و کار پێ کردنی ئەگینا زانستێك بێ کردەوە سودمان پێ ناگەیەنێ .

الثامنة عشرة: بعد السلف عن مدح الإنسان بما ليس فيه. واتە : ( هەژدەهەم : دوری سەلەف لە مەحی مرۆڤێك بە شتێ کە تیای نەبێ ) _حصين بن عبدالرحمن_ وتی من ئەستێرەکەم _ نێزەکەکەم _ بینی کە کەوت بەلام من شەو نوێژم نە ئەکرد . بۆ ئەوەی خەڵك وانەزانێ کە ئەو مەحی خۆی ئەکا بەوەی وا نیشان ئەدا شەو نەخەوتوە بۆ شەو نوێژ لە بەر ئەوەی لە ریا کردن ئەترسان . بەلام ئێستا ئەبینی خەڵکانێك چۆن چاکەکانی خۆیان بۆ خەڵك ئەژمێرن زیاتر ئەوانەی سیاسەت و حیزبایەتی ئەکەن ، چەند یەتیم بە خێو ئەکەن ، چەند قوتابخانەیان دروست کردوە ، چەند بەرخیان کرد بە قوربانی ،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چـەند مزگـەوتیان دروسـت کـرد . ئەوە ئەکـەنە پیاوەتی و منـەت بەسـەر خـەڵك تـا دەنگـیان بـۆ بـدەن یـان شـوێـنیان بکـەون ! کـەچـی ئەو پارەی سـەرفیـشیان کـردووە هـەر هـی زەکـات و خـەڵکـی موسـڵمـانە نەك هـی خـۆیان !!!

التاسـعة عــشرة: قــوله: (أنت منهم) علم من أعلام النبوة. واتــە : ( نۆزدەهەم : فەرمـودەی _ پـێغـەمبـەری خـوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بـۆ عکاشة ڕەزای خـوای لـێ بـێ _ : تۆ لە وانی _ لە حـەفتا هـەزارەکـەی پـێ لـێ پرسـینەوەو سـزادان ئەچـنە بەهەشـت _ ئـەوە نیـشانەکە لـە نیـشانەکانی پـێغـەمبـەرایەتی ) چـونکـە عکاشة ڕەزای خـوای لـێ بـێ لـە سـەر ئیـسلام مرد .

العــشرون: فــضیلة عكاشـــة. واتە : ( بیـستـەم : فـەزلی عکاشة ) دەرکـەوت کـە یەکـێکـە لـە حـەفتا هـەزارەکـە . خـوا ئێـمەش لـەوان بگـێڕێ .

الحادیة و العشرون: استعمال المعاریض. واتە : ( بیـست و یەکـەم : بەکار هێـنانی معــاریض : واتــە : بەکـار هێـنانی قـسـەیەکـی نا ڕاسـتەو خـۆ و گـۆڕینـی لـەفزێك ئەگـەر ببـێ بە هـۆی دڵ گـرانی یان فیـتنـە  پێـغـەمبـەری خـوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ڕاسـتـەو خـۆ بەو کـەسـەی نەوت کـە من دوعـات بـۆ ناکـەم _)

الثانــیة و العــشرون: حسن خلقه صلی الله علیه وسلم. واتــە : ( بیـست و دووەم : جــوانی ڕەوشــتـی پـێـغـەمبـەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ) بەوەی کـەسـی نە ئەشـکـاندەوە بـە خـۆیا بەڵکـو ڕێـزی لـە هەمـوو کـەسـێك ئەگـرت و هـەر هـەڵەیەکـی ببینیایە بەو پەڕی ڕەوشـت جـوانی و نەرم و نیانی ڕاسـتـی ئەکـردەوە . خـوای گـەورە لە دونیا بمان خـاتـە سـەر ڕێبازی پێغـەمبـەر صلی الله علیه وعلی اله وسـلم وە لـە ڕۆژی دوایـی لەگـەڵـی کـۆمان بکـاتەوە لە بەهەشـت و بە دیتنی شـادمـان بکـات .

چاوەڕوانی باسـێکـی تر بن لەو کـتـابە ان شاء الله

باوکی حارث



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com